# چاوەڕوانی!



سەرگوڵ عەزیزی

چەند ساڵێکە چاوەڕوانی ڕۆژێکی ڕوونم
کەتاریکی دڵم ڕۆشن کاتەوە
بەخەندەی سەر لێوەکانی
خەمە کۆنەکانم لە بیر باتەوە

چاوەڕوانی ژیانێکی نوێم،
سەرلەنوێ دەستپێکاتەوە
خۆشەویستی دڵدارێک
وەکو دەریایەک
لەنێودڵم شەپۆل داتەوە

چاوەڕوانی بارانێکی بەهارم
بمشواتەوە
ڕۆژە ناخۆشەکانم
دانە بەدانە لەبیرباتەوە
چاوەڕوانی ئەو یارەم
کەلەنوێ بەڵێن بداتەوە
بەگڕی هەناسەی خۆشەویستی من
ڕۆژەکانی ڕابردووی لەبیرباتەوە
بەئامێزی دڵی گەرمی من
خەمەکانی سارێژکاتەوە

Swed,Gävle,
28-01-2001